حکومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی دارایی و ئابووری
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
ب/ دیراسات و لێکۆڵینەوەو بەدواداچون

حكومة إقليم كوردستان – العراق
مجلس الوزراء
وزارة المالية والإقتصاد
المديرية العامة للديوان
م/ الدراسات والابحاث والمتابعة

ژمارە: ١٤٨٢٣/
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی
بەفرانبار

العدد :
التأريخ: ٢٢/ ١٢/ ٢٠٢٢

بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
المديرية العامة للديوان
وەزارەتی دارایی و ئابووری
وزارة المالية والاقتصاد

## گشتاندنی ژمارە (٢١)

## بۆ / گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت

لە چوارچێوەی فراوانبوون و پەرەپێدان بە سیستەمی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFMS) بە ئامانجی گرتنەخۆی سەرجەم جۆرەکانی خەرجی و برەودان بە شەفافیەت و بەردەوامیدان بە پرۆسەی چاکسازی لە دارایی گشتی بڕیارماندا :- داواکاری خەرجی لەسەر داهاتی ئەو وەزارەتانەی کە بە بڕیاری تایبەت دەسەڵاتی خەرجیان لەسەر بەشێک لە داهاتی خۆیان پێدراوەتەوە ، بەم شێوەیەی خوارەوە لەسەر سیستەمەکە جێ بە جێ بکرێت :-

١- یەکە ژمێریارییەکان داواکاری خەرجی لەسەر سیستەمی (KFMS) بۆ دیوانی وەزارەتیان دەنێرن بەمەبەستی وەرگرتنی ڕەزامەندی .

٢- وەزیرە بەڕێزەکانی ئەو وەزارەتانەی کە دە سەڵاتیان پێدراوە سەرپشک دەبن بۆ یەکلایکردنەوەی داواکارییە خەرجیەکان لە چوارچێوەی ئامانج و مەبەستەکانی پێدانەوەی ئەم دەسەڵاتە .

٣- هەر داواکارییەکی خەرجی دوای ڕەزامەندی بەڕێز وەزیری پەیوەندیدار ، پێویستە بۆ یاداشتی ڕێگەپێدان (PRID) بگۆردرێت و پاشان لە ڕێگەی (KFMS) بۆ گەنجینەکان بنێردرێت .

٤- هەر داواکارییەکی خەرجی لەلایەن بەڕێز وەزیری پەیوەندیدار ڕەتبکرێتەوە ، نابێت هەمان داواکاری لەسەر هیچ بوودجەیەکی تر دووبارە پێشکەش بکرێت .

٧- ئەم گشتاندنە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١/١ کاری پێ دەکرێت.

بۆ ئاگاداریتان و جێ بەجێ کردنی کاری پێویست ... لەگەڵ ڕێزدا .

ئاوات جەناب نوری
وەزیری دارایی و ئابووری
٢٠٢٢/١٢/